## سەفەرتان شاد ... ڕێدار ئەحمەد

"پێشكەشە بە ئەكرەم عەنەبی هاوڕێ و هەردوو هاوسەفەرە بەڕێزەكەی"
redarus@yahoo. com

ئەمجارەیان هەڵەبجە
بەر لەوەی تۆزی سەر وێنەكەی
عومەری خاوەر و كۆرپەكەی لاببات ... و
چیرۆكی مەرگەساتی خۆی تۆمار بكات...
سێ چڵە نێرگزی خوێناوی تر
لەشارەكەی قەڵاوە دێنەوە
سەرلەنوێ
دەستپێكی بەهاری شار ئەژاكێنن
سێ چڵە نێرگزی خوێناوی
دێنەوە و
3/16 ئەهەژێنن..
سێ چڵە نێرگزی خوێناوی
بەغەریبی دەچنە نێو ئەلبومی ئەم شارە
كەچی وێنە بە وێنە ئەیناسن
وشە بە وشە ئەیخوێننەوە
ئەو باسی هەموویانی كردووە
كەسیانی لەبیر نەچووە
دێن و هەواڵی عەنەب و كانی عاشقان
ئەخباری ئاوارەیی و ئۆردوگا
دەنگوباسی گردەچاڵ و قەڵا
سەرگوزشتەی نوگرە سەلمانی لێدەپرسن.. !
****   ****   ****

ئەو بەیانیە..
عەنەب بە هەنسكی لەناكاوی قەڵا ڕاچڵەكی
برینی كۆنی هاتەوە سۆ
سەرنجیدا
ئەوە قەڵەمێكی ئاشنایەتی
وا بارگەی پێچاوەتەوە و سەفەر ئەكات..
بەهاری شارێ ئەژاكێ..
خەندەی وەرزێك هەڵئەوەرێ ...
سێ چڵە نێرگزی خوێناوی تر
لە گەردنی هەڵەبجە ئەدرێ.، ...
سێ میوان بەغەریبی ئەمجارە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خوا حافیزی ئەکەن..
لە زانکۆ ... ..
لە ڕۆژنامە...
لە قەڵا
لە منارە...
بێدەنگ خۆیان دەکەنەوە بە شارا
دەچنەوە نێو ئەلبومی گەورەی هەڵەبجە
وەلی قەڵەم لە پیاسەی خۆی ناکەوێ
وشە ئاشنا نیە بە وەستان ... ... !
****　　　****　　　****

وەرن دۆستان...
لە باڵای خوێناوی ئەم کەڤاڵە رابمێنن
سەرنج لە پرچی ژاکاوی ئەم موسافیرە بدەن
قەڵەمەکەی لێوەربگرن.. !
وشەکانی هەڵگرنەوە
ئەزانن هێشتا بۆنی هەڵەبجەی لێدێت.. ؟
هاتووە لاتان ئۆقرە بگرێت
بنوو ئازیز... ئارام بنوو
مردن بۆ کەسێ جوانە
جوان ژیا بێ
دەسا پیرۆزت بێ ئەم سەفەرە
لێت موبارەك بێ
لیقای پەروەرگار
ئامێزی شار
هاوسەفەری وەفادار ... ... ... ... ...
****　　　****　　　****

ئەم عەشقەی تۆ ئەزیزم..
گەورەترە لە تەمەنی یەکتر ناسین
قوڵترە لە ساتەکانی پێکەوە بوون
هەرچی سەرنج لە باڵات دەدەم
بەم سەفەرەت
زۆر لە جاران بڵندتری، دیارتری، جوانتری
قەڵەمەکەت میوانە و پیاسە ئەکات
ئەی نابینی لەو ڕۆژەوەی سەفەرت کردووە
وشەکانت سەر لەماڵی هەموومان ئەدات.. ؟
ئەی نابینی " ئیلاهی نامە " کەت لە گەڵمانا قسە ئەکات
خەڵوەتی بێ پایانی شەوێکی سۆفیانە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەشتی عاشقانەی
بەر دەروازەی پەروەردگارمان ئاشنا ئەکات..
وشەکانت ئەزیزم ئاشنا نین بە وەستان
سەر لەماڵی گشت دڵێکی زیندوو ئەدەن
لە کۆڕ و کووبونەوەی
زانکۆ و
زیکر و موناجاتی عارفاندا
قسەی خۆیان ئەکەن... !
**** **** ****

عەنەبی گیان ... .. سەفەرت شاد
ئیدی پیاسەی ئێوارانی قەڵا بێ تۆ
چ مانایەك ئەبێ بدات... ؟
چ وەڵامێکی ئەڤینی کچم بدەمەوە
کە داوای سەردانی هێلین بکات.. ؟
ئەزیزم بێ تۆیم پێوە دیارە
تەنیات کردم
ئێستا نەحەز بە بینینی زانکۆ.. و
نە ئارەزووی پیاسەی قەڵا ئەکەم
نە دیمەنێکی جوان ئەبینم لەم شارە.. ؟
غەریبی قسەی خۆش و
رووی گەش و
نووسینی نوێت ئەکەم..
سەفەرت شاد ئەزیزم
سەراسیمە بووم نازانم
بە وشە..
یا بە خەندە...
یان بە فرمێسك
ماڵئاوایت لێبکەم
جاران لە سەرنجدانی عەنەبدا تۆم ئەبینی
سەیرە ئێستا
لە بینینی
قوتابی و
کتێب و
رۆژنامە و
مزگەوتدا
تۆ ئەبینم
بە خەمێکت سپاردین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:01

لە هیچ شیعرێکا جێی نابێتەوە
برینێکت خستە جەستەمان
هەتا ماوین ئەکولێتەوە ... ... ... ... . !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.